**The Center of Halabja**
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.be

**Nawendi Helebce**
*Dj be Enfalkirdin u Ginosaydi geli Kurd*
*CHAK*
chak_org@yahoo.com

# بەیاننامەی کۆمیتەی هەڵەبجەی ناوەندی چاك دژ بە لابردنی پەیکەری "عمری خاوەر" رەمزی شەهیدانی نەتەوەی کورد

نۆزدە ساڵ بەرلەئێستا هەڵەبجە دوچاری یەکێك لە گەورەترین کارەساتەکانی مێژووی نەتەوەی کورد بوو، ئەو کارەساتەی تائێستا لە فکری تاك بەتاکی کورداندا ئازارێکی گەورەی دروستکردووە، ئەوەی لە 1988/3/16 رویدا روداو کارەساتێکی سادەو ساکار نەبوو لەو مێژووەدا هەزاران هاوڵاتی کوردی بێتاوان شەهیدبوون‌و بەهەزارانی تر بریندار بوون "وەك لەچەندین جێگای تردا ئاماژەمان پێداوە برینی بەشی زۆری ئەوانە تاهەنووکە کاریگەری ماوەو بەردەوام برینداران ئازاردەداو رۆژ بەرۆژ لێیان شەهید دەبێت".

ئەوەی ئێستا ئێمە ئازار دەداو وەك هەر هەڵەبجەییەك بەتوندی دژی ئەوەستین هەوڵی لابردنی پەیکەری "عمری خاوەر" رەمزو سمبولی شەهیدانی هەڵەبجەو سەرجەم شەهیدانی نەتەوەی کورد کە لەئەنجامی ئەو کارەساتەی سەرەوە شەهید بوو وە لەهەموو دونیادا دەنگی دایەوەو بەبینینی وێنەی ئەو شەهیدە دەست بەجێی هەڵەبجەو کوردت بەفکرادەهات، ئێمە سەرەرای ئەوەی بەتونی رەخنە لەم کارە ئەگرین‌و ئەم دەرفەتەش بەباش دەزانین بۆ ئەوە بۆ هەموو دلسۆزانی ئەم شارە شەهیدە ئاشکرا بکەین بەداخەوە تائێستا خانوەکەی ئەم رەمزە کەلاوەیەو بەوێرانەی ماوە کەدەبوو وەك مۆزەخانەو یادگاریەك بۆ ئەو زاتە لەهەڵەبجەدا کەڵکی لێوەر بگیرایە.

ئەو پەیکەرەی شەهید عمر کە لە ساڵی 1991وە دروستکراوە لە زاکیرەی تاك بەتاکی هەڵەبجەدا خۆی سەپاندوەو بوەتە رەمزی سەروەی شارەکەیان، بۆیە ئێمە وەك کۆمیتەی هەڵەبجەی شەهیدی ناوەندی چاك جگە لەوەی بەتوندی دژی هەر هەولێك ئەوەستینەوە بۆ لابردنی ئەو پەیکەرە ئاشکراشی دەکەین دژ بەهەر قسەو توانجێکی نابەجێن لەلایەن هەرکەسێك‌و هەرگروپێك بەرامبەر بەم رەمزەمان بکرێت، وە ئەوەش رادەگەیەنین هیچ بەهانەیەك نابینین بۆ ئەنجامدانی ئەو کارەو لابردنی ئەو رەمزە، داواش لە حکومەتی کوردستان دەکەین بە وردی لەم بڕیارو هەوڵە بکۆلێتەوە، رێگە نەدات پەیکەری زاتێك لاببرێت کە شانزە ساڵە هەڵەبجەیەکان لەگەڵیدا ئەژین‌و هەموو 3/16 یەك لەحزوریدا یادی گەورەترین کارەسات ئەکەنەوە کە دەرهەق بەشارەکەیان ئەنجامدراوە.

**سەروەری بۆ ئەو شەهیدانەی بونە قوربانی ئەم هاك‌و نەتەوەیە، سەروەری بۆ شەهیدانی هەڵەبجە**

**کۆمیتەی هەڵە بجەی ناوەندی چاك**
2007-8-24

[www.chak.be](http://www.chak.be)